بەخێربێن بۆ دووەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ژنانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بە بەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی سەروو و ناوەند). ئامانج لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. هەر لێرەوە بۆچوون و ئەزموونەکانی ئەو لایەنە کارایانە بڵاو دەکەینەوە، کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەشدارن، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی ئەو دڕندەییانەی داعشە کە لە عێراق ئەنجامی داون.

## هەواڵ و نوێکاریەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی ئەم دواییەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە٢٩ی ئابی ئەمساڵدا، بەڕێوبەری گشتیی بەڕیوبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان پارەی قەرەبووکردنەوەی بۆ ٧٧٥ ڕزگاربووی داعش خەرج کردووە، کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە. بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوبەرایەتییەکە، خاتوو سەراب ئەلیاس، ڕایگەیاند کە ١٨٤ لەو سوودمەندانە ڕزگاربووی خوار تەمەنی یاسایی بوون. تێکڕای ژمارەی ئەو سوودمەندانەی پارەی قەرەبوویان وەر گرتووە تا مانگی تەمووزی ئەمساڵ گەیشتووەتە ٤٨٤ سوودمەند. بەپێی پۆستەکەی خاتوو ئێلیا لە [تویتەر](), کە لە ٢٤ی ئاب بڵاوی کردووەتەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکە ١٠٠٠ هەمین داواکاریی بۆ قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پەسەند کردووە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە:
https://facebook.com/photo/?fbid=689930286503305&set=a.297352885761049

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبێت بۆ هەر ڕزگاربوویەک کە داواکارییەکەی پەسەند کراوە دابین بکرێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) مووچەیەکی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک یارمەتی وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە، لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ یارمەتییە ئاڵۆزترەکان تا لە داهاتوودا جێبەجێیان بکات.

**نوێکارییە گرنگەکان:**

- هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەرئەنجامی ئەرێنیی تایبەت بە سێ داواکاریی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بۆ ڕزگاربووانی شەبەک پشتڕاست کردەوە.
- لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا، ڕاپۆرتدەری تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشخستنی ڕاستی و دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە و زامنکردنی دووبارەنەبوونەوە، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکارە تایبەتەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەپێی ئەو ئەرکەی هەیانە بەرانبەر چارەسەرکردنی پرسەکانی مافی مرۆڤ، کە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی لەخۆی گرتوون، پەیوەندییەکی بەدواداچوونی لەگەڵ عێراقدا بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرد، کە سەبارەت بە سەپاندنی مەرجی تۆمارکردنی سکاڵای تاوانکاری بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کردوویانە. خاوەن ڕێکارە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو مەرجە لەگەڵ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی وەک بەرنامەیەکی قەرەبووکردنەوەی ناوخۆیی یەک ناگرێتەوە. هەروەها ئاماژەشیان بەوە دا، کە ئەم کارە لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکاندا ناگونجێت و مەرجێکی لەو شێوەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر، دەقی تەواوی ڕاگەیەندراوەکە لەم بەستەرە دەست دەکەوێت:
https://spcommreports.ohchr.org/TMResultsBase/DownLoadPublicCommunicationFile?gId=28060;
- لە ٣ی ئابی ئەمساڵدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ئەنجامی گفتوگۆکانی گروپی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بۆ مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربوواندا بڵاو کردەوە، کە سەبارەت بە لابردنی تۆمارکردنی سکاڵای تاوانکاری وەک مەرجێک بۆ شایستەبوون بە قەرەبووکردنەوەکانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، لە ١٩ی حوزەیرانی ئەمساڵدا ئەنجام درابوون. ئەنجامی گفتوگۆکان تێگەیشتنێکی هاوبەش بەرانبەر ئەو

ئاستەنگانە نیشان دەدەن، کە ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەوەی ئەوان ناتوانن سکاڵای تاوانکاری تۆمار بکەن و بەمەش ناتوانن لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی سوودمەند ببن. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://c4jr.org/0308202327716.




"نابێت قەرەبووکردنەوەکان بەپێی یاساکە تەنیا بۆ ڕزگاربووان لە ناوخۆی عێراق بن، بەڵکو دەبێت بۆ ئەو کەسانەش کە لە دەرەوەی عێراق دەژین، بەردەست بن و بتوانن دەستیان پێیان بگات. لە ئێستادا تیمی جیهانی فەریدە لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە هەماهەنگیدایە بۆ پەرەدان بە چارەسەری دووانە کە ئاسانکاری بکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بۆ ڕزگاربووانی نیشتەجێی ئەڵمانیا و کەنەدا و ئوستراليا و فەرەنسا. وەک سەرۆکی ڕێکخراوێک کە ڕزگاربووان سەرکردایەتی دەکەن، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان و لیژنەکە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی نیشتەجێی دەرەوەی عێراق دەکەم. هیواداریین بەم زووانە چارەسەری کرداری بهێننە بەرهەم، کە لێیانەوە ڕزگاربووان بتوانن دەستیان بەو مافانە بگات کە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بۆیان زامن کراوە، بەبێ گوێدانە شوێنی ڕزگاربووانی وەک من."

- بەیاننامەی فەریدە خەلەف، سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی فەریدە سەبارەت بە دەرئەنجامی گروپەکانی کاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە. https://c4jr.org/2808202327763

### هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

دڵنیابوون لە لێپرسینەوە لەو تاوانانەی تاوانبارانی داعش ئەنجامیان داون، ئەرکێکی گرنگی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدییە. لە مادەی حەوتەمی یاساکەدا، ئەو تاوانانەی داعش دژی ئێزدییەکان و پێکهاتەکانی دیکە ئەنجامیان داون بە جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسێندراون، بەڕێوەبەرایەتییەکەش پابەندە بە دەستپێکردنی ڕێوشوێنی تاوانکاری دژی تاوانباران.

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر هەندێک لە پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە هەوڵەکانی لێپرسینەوەدا:

- لە ٢١ی تەمووزدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە دانیشتنێکی ڕاوێژکاری سەبارەت بە لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش لەگەڵ ئەندامانی ڕزگاربووانی ئێزدی و مەسیحی و تورکمان لە ڕێکخراوی قوربانیانی عێراق لە سپیچەر لەگەڵ تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان (SVN) ئەنجامدا. بەڕێوەبەرایەتییەکە گفتوگۆکانی بەڕێوە برد، کە تەرخان کرابوون بۆ پرسەکانی پاراستنی ڕزگاربووان و شایەتحاڵان، ڕۆڵی ڕزگاربووان و خێزانەکانیان لە ڕێکارەکانی لێپێچینەوەدا، لەگەڵ ستانداردەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، هەروەها چەندین بابەتی دیکە. جگە لەوەش، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ٢٢ی تەمووزدا دانیشتنێکی ڕاوێژکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر هەمان ئەو بابەتانە ئەنجام دا.



دانیشتنی ڕاوێژکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان. وێنەکە لە تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان وەرگیراوە

- لە ٢٦ی حوزەیراندا دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپۆرتێکی بەدواداچوونیان بۆ لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجەدان بۆ ئاگاداربوونیان لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی نارد . ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر ٧ ئەرکی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی و دۆخی ئێستای جێبەجێکردنیان. هەروەها کۆمەڵێک ڕاسپاردە لەخۆ دەگرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە و ئەو لیژنەیەی بەپێی مادەی ١٠ پێکهێنراوە، لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی دیکەی دەوڵەت، لەنێوان ئەو ڕاسپرادانەدا باسی پێویستیی زیادکردنی هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراو و ونبووەکان کراوە، لەگەڵ بەربەستە یاساییەکانی بەردەم لێپرسینەوە لەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون؛
- لە مانگی تەمووزدا هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بڵاوکراوەی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە میکانیزمی لێپرسینەوە لە داعش لە عێراق پێشکەش بە سەرۆکی یونیتاد، ڕاوێژکاری تایبەت ڕیتشەر کرد. کۆبوونەوەکە

لێکۆڵینەوەی لە باشترین ڕێگەکان کرد بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بخرێنە یاساکانی داهاتووی عێراقەوە، کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە تاوان دەکەن و میکانیزمێکی لێپرسینەوەی تاوانکاری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانەکانی داعش لە عێراق دادەمەزرێنن. شاندی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کە دوو ڕزگاربووی تێدابوو، پێشنیاری کۆنکرێتییان بە ئامانجی ئەوە خستە ڕوو کە دڵنیا ببنەوە لەوەی هەر میکانیزمێک دابنرێت، دەبێت ڕزگاربووان بخاتە پێشەوە و ناوەندی بابەتەکە و بە تەواوی ڕێز لە مافەکانیان بگرێت. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2023/06/Follow-up-Report-to-UNCAT-on-Implementation-of-Recommendations-to-Iraq-on-CRSV-from-May-13-2022-3.pdf. بۆ زانینی زیاتر لەسەر وەڵامی عێراق بۆ لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجەدان لەسەر ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دۆخی ئێستای جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی سەردانی ئەم بەستەرە بکە. ڕاپۆرتەکە بە عەرەبی لێرە بەردەستە: https://tbinternet.ohchr.org/_layouts/15/treatybodyexternal/Download.aspx?symbolno=CAT%2FC%2FIRQ%2FFCO%2F2&Lang=en.



نوێنەرانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەت و بەرپرسی ڕێکخراوی یونیتاد بەڕێز کریستیان ڕیتشەر و تیمەکەی لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە بابەتی لێپرسینەوەی تاوانکاری لە تاوانەکانی داعش لە عێراقدا.

## یادکردنەوە

٣ی ئاب، نۆیەمین ساڵیادی دەستپێکردنی هێرشە جینۆسایدییەکانی دژی ئێزدییەکان بوو. یادکردنەوە ڕێوشوێنێکی ڕەمزیی گرنگی قەرەبووکردنەوەیە، کە لە لایەن یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدییەوە فەرمانی پێدراوە، کە دان دەنێت بە ڕۆڵی حکومەتی عێراقی لە یادکردنەوەی قوربانییەکان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانەی دژی ئێزدییەکان و کەمینەکانی دیکە ئەنجام دراون.

ئەم بەشەی هەواڵنامەکە بەشێک لەو بۆنانە دەخاتە ڕوو کە چ لە عێراق و چ لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوون و تیایاندا ڕزگاربووان ڕۆڵی پێشەنگیان لە خستنەڕووی پێشکەوتن و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بینیوە:

- لە ٢١ی ئابدا، ٢٧ ڕێکخراوی ناحکومی، کە کەسانی ئێزدی بەڕێیانەوە دەبەن، بۆنەیەکی یادکردنەوەیان بە ئاسانکاریی دامەزراوەی ئێزدییانی ئازاد لە بەغدا بەڕێوە برد. قسەکەران لەو بۆنەیەدا بریتیبوون لە: جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی یونامی بۆ کاروباری سیاسی، هاوکاری هەڵبژاردنەکان کلۆدیۆ کۆردۆن، پەیامێکی ڤیدیۆیی لە باڵیۆزی گشتی ئەمریکا بۆ دادپەروەریی تاوانکاری جیهانی بێث ڤان شاک، وتارەکانی نوێنەرانی باڵیۆزخانەکان لەنێوانیاندا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا ڤیل ڤارخۆلا، باڵیۆزی بەریتانیا ستیڤن چارڵز هیچن، باڵیۆزی ژاپۆن فوتۆشی ماتسوموتۆ، بەڕێوەبەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا ماکسیمیلیان ڕاش، ژان کریستۆف لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا، جەیکۆب ڤیرسما لە باڵیۆزخانەی هۆڵەندا. لە کاتی چالاکییەکەدا ڕزگاربووان پەیامی بەهێزیان هاوبەش کرد و تیشکیان خستە سەر هەندێک لە ناڕەزایەتی و نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە هەوڵەکانی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی؛
- ئالۆ عومەر ئالۆ، ڕزگاربوویەکی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵە، باسی لەو ئاستەنگانە کرد کە ڕووبەڕووی ئەو ڕزگاربووانە دەبنەوە کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ خوێندن. بەڕێز ئالۆ ڕوونی کردەوە، "پێنج ساڵ بەسەر گەڕانەوەمدا تێپەڕیوە و تەنها ساڵێک بەسەر دەرچوونی یاسای [ڕزگاربووانی ئێزیدی]دا تێپەڕیوە، تا ئێستاش هیچ شتێکمان نەبینیوە لەسەر پرسی خوێندن جێبەجێ بکرێت. ئەگەر یاسایەک هەبووایە [کاتێک بۆ یەکەم جار گەڕامەوە] دەگەڕامەوە بۆ خوێندنگە و تا ئێستا خوێندنەکەم تەواو کردبوو. کاتێک گەڕامەوە و پێم گوتن دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ خوێندن، پێیان گوتم کە تەمەنم قبوڵکراو نەبوو بۆ تەواوکردنی خوێندن. ئەمە باوترین کێشەیە کە لە دوای گەڕانەوەمانەوە ڕووبەڕوومان بووەتەوە." لە وەڵامدا بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەو پێشکەوتنانەی خستەڕوو کە لە هاوکاریکردنی ڕزگاربووان بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن بەدەستیان هێناوە. لە ساڵی پێشوودا ١٣ کەس لە ڕزگاربووان لەو ڕووەوە هاوکاری کراون. جەختیشی لەوە کردەوە، ئەوانەی خوازیارن بگەڕێنەوە بۆ خوێندن، دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاگادار بکەنەوە.



خاتوو سەراب ئەلیاس و ڕزگاربووانی ئێزیدی لە ١ی ئابی ٢٠٢٣ لەگەڵ سەرۆکی کۆمار، دکتۆر عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید کۆبوونەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://www.molsa.gov.iq/?article=2702

- ڕۆژی 3ی ئاب، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان لەگەڵ شاندێکی ڕزگاربووانی ئێزدی لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق د.عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید کۆبوونەوە. سەرۆک کۆمار جەختی لە پابەندبوونی خۆی بە پرسی گەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ شنگال و بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و بەردەوامبوونی هەماهەنگییکردن لەگەڵ دەزگا حکومییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://www.molsa.gov.iq/?article=2702
- لە شاری هەولێر، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یەزدا بۆنەیەکی یادکردنەوەیان سازکرد. لەو بۆنەیەدا، عابیدە موراد، ئەندامی تۆڕی ڕزگاربووانی ئێزدی سەرنجی ئامادەبووانی بۆ نیگەرانییەکانی ڕزگاربووان سەبارەت بە کەسانی ونبوو ڕاکێشا، "هێشتا چەندین کەسی ونبوومان هەیە، و ناسینەوە بۆ پاشماوەی خەڵکەکەمان نەکراوە. پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان خاوە. هیچ پلانێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال نییە. تاوانبارانیش بۆخۆیان ئازادن. هیوادارم نەک هەر گوێگر بن بەڵکو هەنگاویش بنێن." یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ئاسانکاری بۆ گەڕان بەدوای ونبووەکان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ناسینەوەی کەسەکان و یادکردنەوەیان دەکات، هەروەها هاوکاری بۆ دادگاییکردنی ئەندامانی داعش پێشکەش دەکات. لەم چالاکییەدا، ڕێکخراوی یەزدا ڕاپۆرتی نوێی خۆی پێشکەش کرد، بە ناوی لە بەرخۆدانەوە بۆ داروپەردوو: چیرۆکەکانی گەر زاریک، سیبا شێخ خدر و تەل ئازەر، کە لەلایەن پرۆژەی بەڵگەنامەسازی یەزداوە ئامادەکرابوو. ڕاپۆرتەکە داوا لە حکومەتی عێراق و کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کۆمەڵێک ڕێوشوێن جێبەجێ بکەن بۆ باشترکردنی ژیانی ڕزگاربووانی ئەو گوندانە و هەروەها کۆمەڵگە فراوانترەکە. ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا داوای جێبەجێکردنی تەواوی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی و لابردنی هەموو بەربەستەکانی بەردەم دەستگەیشتن بە یارمەتییەکان دەکات. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://irp.cdn-website.com/16670504/files/uploaded/report_yazda_from_resistance_to_rubble_ger_zarik_siba_tel_azer_en.pdf;



تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان یادی نۆیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە شنگال. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://reliefweb.int/report/iraq/stronger-together-yezidi-survivors-groups-mark-genocide-9-years-later-enarku.



هەڵمەتی ڕێکخراوی هۆپ گیڤەرز بۆ سەوز کردن، زانیاریی زیاتر لەم بەستەرەیە: https://iraq.iom.int/news/stronger-together-yezidi-survivors-groups-mark-genocide-9-years-later?fbclid=IwAR3RUmeXlqwQ59_b2dh0jHSzb9OZLBU53PQlbuvFDmGq21F3gRpPTmXqxl0.

- لە شنگال، تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان لە بازاڕی کۆن کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لەدوای خۆڕئاوابوون بۆ ڕێزگرتن لەو هەزاران کەسەی گیانیان لەدەستداوە مۆم داگیرسێنن. بە بۆنەی یەکەم چالاکیی گشتی گروپەکە، بەشداربووان مۆمیان بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسانەی لەناوچوون داگیرساند و ڕووداوەکان و پاشهاتەکانیان لە یادەوەری گشتیدا چەسپاند.
- هاوشانی چالاکییەکەی تۆڕی دەنگی ڕزگاربووان، تۆڕی هیوابەخشەکان، تۆڕێکی ڕزگاربووانی ئێزدی لە ڕەگەزی نێر، نەمامیان بەدرێژایی شەقامە گشتییەکان و ماڵەکان لە گوندێکی شەنگال چاند، ئەمەش بۆ ئەوەی ژینگەیەکی سەوزتر دروست بکەن. ئامانجی هەڵمەتەکە گۆڕینی گوندی تەل قەساب بوو بە داپۆشینی شەقامی پڕ سێبەر و دروستکردنی هەستێکی بەهێزتری ئینتیما لەڕێگەی هاندانی دانیشتوانی گوندەکە بۆ بەڕێوەبردنی ژینگەی ناوچەکەیان. بە چاندنی دار لە ٣ی ئاب، هیوا بەخشەکان ویستویەتی ببێتە هێمای هیوای گەڕانەوە و داهاتوو.

### ئاستەنگەکان

هەر هەواڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لەو ئاستەنگانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم ژمارە نوێیەدا، C4JR سەرنج ڕا دەکێشێت بۆ ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم مافی وەرگرتنی ڕاهێنانەوە، کە لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا دیاری کراوە. بنەمای ڕاهێنانەوە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی باس لە پێویستیی ڕاهێنانەوە وەک شێوازێکی قەرەبووکردنەوە دەکات بە دانان بەوەدا کە قوربانیانی پێشێلکارییە گەورەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ مافی ئەوەیان هەیە کە ژیانیان بونیادبنێنەوە و تا دەکرێت شکۆی مرۆڤانەیان بەدەست بهێننەوە.

ڕاهێنانەوە وەک ڕێوشوێنێکی قەرەبووکردنەوە دەبێت پسپۆڕانە و گشتگیر بێت بۆ ئەوەی پێویستییە جیاوازەکانی ڕزگاربووان پڕ بکاتەوە. یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ڕاهێنانەوە وەک قەرەبوو دەکات بە ئامانجە سەرەکییەکانی و داوای دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییە پێویستەکان و دەرفەتە پەروەردەی و پیشەییەکان و ڕاهێنانەوەی یاسایی بۆ ڕزگاربووان دەکات.

بۆ بەدیهێنانی هەندێک لەم ئامانجانە، بنیاتنانی سەنتەرەکانی ڕاهێنانەوەی تەندروستی و دەروونی بۆ ڕزگاربووان زۆر گرنگە. بەتایبەت لە مادەی ٤.٢ لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە کە یاساکە ئامانجی "ڕاهێنانەوە و گرنگیدان بەو ڕزگاربووە [مێنە] و ئەو کەسانەیە کە بڕگەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و ئامادەکردنی ئامرازە پێویستەکانە بۆ تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا"

مادەی ٥.٦ زیاتر دیاری دەکات کە بەڕێوەبەرایەتییەکە "سەنتەری تەندروستی و ڕاهێنانەوەی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی ڕزگاربووە [ژنەکان] دەکاتەوە." چاوەڕوان دەکرێت سەنتەرەکانی ڕاهێنانەوە کۆمەڵێکی هەمەجۆر لە خزمەتگوزاری دابین بکەن بۆ ئەوەی تا دەتوانرێت لەو زەبرە درێژخایەنە کەم بکەنەوە کە ڕزگاربووان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

خاتوو سەراب ئەلیاس لە قسەکانیدا لە ١ی ئاب لە بەغدا، دانی بە دواکەوتنی پەرەپێدانی ناوەندەکانی ڕاهێنانەوەدا نا بەڵام جەختی لەوەش کردەوە کە هەماهەنگییان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لەسەر ئەم بابەتە بەردەوامە. وەک لە ژمارەی کۆتاییدا ئاماژەی پێ کرا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕێککەوتنێکی هەماهەنگی لەگەڵ هەشت ڕێکخراوی ناحکومی واژۆ کردووە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمی ڕەوانەکردن کە تا ئێستا یارمەتی 44 حاڵەتی بۆ تەندروستی دەروونی و خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی دەروونی کۆمەڵایەتی داوە. زانیاری زیاتر لە ژمارەی پێشووی هەواڵنامەکەدا دەدۆزرێتەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2023/07/C4JR-NL_1_English.pdf

لە نێوان 12 و 15ی حوزەیراندا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاوێژکارییەکی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکاندا ئەنجام دا، لەوانەش ڕزگاربووان و نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، وەزارەتی داد، یونیتاد، لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ. مەبەست لەم ڕاوێژکارییە گفتوگۆکردن بوو لەسەر چۆنیەتی گونجاندنی پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی مافی ڕاهێنانەوە لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا. یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی وۆرک شۆپەکە تێگەیشتن بوو لە ڕاهێنانەوە وەک چەمکێکی فراوانتر لە تەنیا خزمەتگوزارییەکانی چارەسەرکردنی زەبری دەروونی. دکتۆر پاتەل بە سوودوەرگرتن لە بەراوردکردن بە بەردێک کە فڕێدراوەتە ناو دەریاچەیەکەوە، باسی لەوە کرد کە چۆن "شەپۆلەکانی زیان" کاریگەریان لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگاکان دەبێت و ئەمەش پێویستی بە ڕێوشوێن و ستانداردی یەکگرتوو دەبێت بۆ جێبەجێکردنی مافی ڕاهێنانەوە بەپێی ڕێبازێکی بنەمادار بە مافی مرۆڤ. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاهێنانەوەی گشتگیر وەک قەرەبووکردنەوە و بینینی گفتوگۆی ئەم دواییەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ پرۆفیسۆر نیمیشا پاتەل لە دەهۆک سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://c4jr.org/ku/3008202327798

لە کاتێکدا لایەنی قەرەبووکردنەوەی دارایی لە یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێت، هێشتا ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی دەستگەیشتن بە خوێندن و دامەزراندن و پێشکەشکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکی ڕاهێنانەوەی گشتگیر هەیە.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندارون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## لە ڕزگاربووانەوە

ئامانجەکانی هەواڵنامەکەمان بریتین لە هاوبەشکردنی بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنانەی لە پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا بەشدارن، لەگەڵ بەردەوام بۆچوونی ڕزگاربووان لەسەر پرۆسەکە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی جێبەجێکردنی یاساکە بە جۆرێکە کە ڕزگاربووان چەقی بایەخ بن.

### پەیامێک لە ئەنجومەنی ڕزگاربووانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەوە

ئەنجومەنی ڕزگاربووانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە داوای بۆچوونی چەند ڕزگاربوویەکی کرد لەسەر ئەوەی بۆچی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ ئەوان گرنگە و پێیان وایە دەبێت حکومەت چی بکات بۆ باشترکردنی جێبەجێکردنی یاساکە.

بۆچوونەکانیان لە خوارەوە ببینە:

**"یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی سەرکەوتنێکە کە ڕزگاربووان پێکەوە لە ڕێی کۆششی زۆرەوە بەدەستیان هێناوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمە بەشێکی بچووکی قەرەبووکردنەوەیە بۆ هەموو ڕزگاربووانی دەستی داعش"**

**"پێویستە حکومەتی عێراقی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی باشتر بکات. هەندێک بڕگەی زۆر گرنگ و سەرەکی هەن کە یاساکە لەخۆی گرتوون، وەک گەڕان بەدوای ڕفێندراوان و ونبوواندا، بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لەگەڵ ڕاهێنانەوەی ڕزگاربووان. هەتا ئێستا، هیچ کام لەم بڕگانە جێبەجێ نەکراون. دەبێت هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکاندا بۆ جێبەجێکردنی خێرا و سەرکەوتوو هەبێت."**

### بابەتەکانی داهاتووی هەواڵنامەکە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە نزیکەوە لەگەڵ پێنج هاوبەشی جێبەجێکاردا کاری لەسەر ڕاپرسییەک کردووە بۆ زانینی تێگەیشتنەکانی ڕزگاربووان بۆ پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. پلانی هەر ڕێکخراوێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری یەکلا کراوەتەوە و ڕێکخراوەکان دەست دەکەن بە پەیوەندیکردن بە ڕزگاربووانەوە بۆ ئەوەی لێیان بپرسن ئایا دەیانەوێت لەم ڕاپرسییەدا بەشدار بن. ئەنجامەکان لێرە بەبێ ئاشکراکردنی ناوەکان بڵاو دەکرێنەوە و هیوا دەخوازین ئەم ڕاپرسییە ڕێگە بە ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بدات کە باشتر سەرکەوتن و ئاستەنگ و پێویستییەکانی داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دیاری بکەن.

## ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانییەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندی پێوەکردنیان دەخەینە ڕوو.

### ڕێکخراوی حامۆڕابی بۆ مافەکانی مرۆڤ:

منظمة حمورابي لحقوق الإنسان
Hammurabi Human Rights Organization
HHRO

ڕێکخراوی حامۆڕابی بۆ مافەکانی مرۆڤ پشتگیریی ڕزگاربووان لە ڕێی سەنتەری گەڕانەوەی پارێزراو لە حەمدانییە دەکات، ئەمەش لەڕێگەی:

- پێشەکەشکردنی ڕاوێژکاری بە ڕزگاربووان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بەشێوازی سەر هێڵ بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی.
- دابینکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ ڕزگاربووان بۆ سەلماندنی تۆمارکردنیان لە داتابەیسی ڕێکخراوی حامۆڕابیدا وەک ڕزگاربووی دەستی داعش.
- دابینکردنی هاوکاریی یاسایی بۆ ئەو ڕزگاربووانەی دەیانەوێت داوا پێشکەشی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بکەن، ئەمەش لەڕێگەی یارمەتیدانی ڕزگاربووان لە ئامادەبوونیان لە دادگا بۆ بەدەستهێنانی کاغەزەکانی لێکۆڵینەوە و دابینکردنی بەدواداچوون بۆ دۆخی لێکۆڵینەوەکە،
- دابیکردنی پشتگیریی دەروونی بۆ ڕزگاربووان

ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوی حامۆڕابی بۆ مافی مرۆڤ دەکەوێتە ئەلحاریسییە لە بەغدا، نووسینگەکانی دیکەش بریتین لە قەزای ئاشوور، لە پارێزگای نەینەوا؛ عەنکاوە، لە پارێزگای هەولێر، لەگەڵ پارێزگای دهۆکل

ڕزگاربووان دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە ڕێکخراوی حامۆڕابی لەڕێگەی ئەم ژمارانەی خوارەوە:

**بۆ بەغدا، ئەلحاریسییە، ئۆفیسی سەرەکی:**
+964 751 3760474
+964 790 1448651

**بۆ سەنتەری گەڕانەوەی پارێزراو لە حەمدانییە:**
+964 7718455172

### ڕێکخراوی فەریدەی جیهانی:

FARIDA
GLOBAL ORGANIZATION

ڕێکخراوی فەریدەی جیهانی پشتگیری لە ڕزگاربووان دەکات لە ئۆفیسەکەیان کە دەکەوێتە کۆمەڵگەی شاریا و لە سەرتاسەری پارێزگای دهۆک خزمەتگوزاری پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات لە ڕێگەی:

- یارمەتیدان لە پڕکردنەوە و پێشکەشکردنی داواکاری تەواو بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ دەستگەیشتن بە قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا پەیوەندیدارەکان و چاودێریکردنی پێشکەوتنی داواکارییەکان؛
- دابینکردنی ئیفادە تەواوکەرەکانی دادگا؛
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی بەخشینی زانیاری و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی لەسەر بابەتی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری؛
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی یاسایی و هاوکاری لە دابینکردنی بەڵگەنامە پشتڕاستکەرەوە پێویستەکاندا؛
- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی تەندروستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاربووان؛
- دابینکردنی دەرفەتی خوێندن و ڕاهێنانی کارامەیی بۆ بەهێزکردنی ڕزگاربووان بۆ تێکەڵبوونەوە لەگەڵ ئامانجە ئەکادیمییەکاندا؛

- ناردنی بانگهێشتنامە بۆ ڕزگاربووان بۆ بەشداریکردن و ڕاهێنان لەناو تیمی ڕێکخراوی جیهانی فەریدەدا، بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕزگاربوو بۆ ڕزگاربوو؛
- پاراستنی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە و چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و تەندروستی دەروونی و پشتگیریی دەروونی کۆمەڵایەتی؛
- پاڵپشتیکردنی مافەکانی ڕزگاربووان لە پلاتفۆرمە ناوخۆیی و جیهانییەکان، داکۆکیکردن لە قەرەبووکردنەوە و دادپەروەری و گەڕان بەدوای کەسانی ونبوو و ڕزگارکردنیان؛
- دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕزگاربووان بۆ ئەوەی دیدگاکانیان دەرببڕن و دڵنیابوون لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی بڕیاردانا.




ڕزگاربووان دەتوانن ڕاستەوخۆ لەڕێی ئەم ژمارانەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی فەریدەی جیهانییەوە بکەن:

**بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی:**
+9647502501122

**بۆ تەندروستی دەروونی و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی :**
+9647517846247

**ئیمەیڵ:** info@faridaglobal.org

دەتوانن ڕاستەوخۆ لەڕێگەی واتساپەوە بە سکانکردنی ئەم بارکۆدەی خوارەوە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی فەریدەی جیهانییەوە بکەن:

Farida Global Organization
WhatsApp business account

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (JR4C) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانیە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کاردەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.